# پرسیار وەک بنەڕەتێکی ئۆنتۆلۆژی لە دیوانی (گەڕانەوەی زەردەشت)ی ئەحمەدی مەلا دا

**هەژار ئەحمەد عەبدولغەفوور**

بەشی کوردی، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** Hazhar.abdulghafur@soran.edu.iq

**محەممەد نەبی ئیبراهیم**

ئامادەیی شەهید عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** Mhamad.nabe88@gmail.com

## پوختە

بوون وەک بنەڕەتی هەموو هەبووێک لە ئاستە (گشت- کل)ییەکەی دا، پرسێکی گرنگی فەلسەفە و شیعر ە. بە درێژایی مێژوو، کەم و زۆر، چ لە لایەن شاعیر و چ لە لایەن فەیلەسوف و بیرمەندانەوە، سەرنجی پرسی بوون، بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، دراوە. لە ئەدەبی کوردیشدا، سەرنجدان و ڕەنگدانەوەی ئەم بابەتە لە ناو بەرهەمی شاعیراندا، بە جوانی بەرچاوە.

ئەم توێژینەوەیە، کە بە ناونیشانی (پرسیار وەک بنەڕەتێکی ئۆنتۆلۆژی لە دیوانی (گەڕانەوەی زەردەشت)ی ئەحمەدی مەلا دا)یە، بە سەرنجدان لەو نزیکایەتییەی شیعر و فەلسەفە و، هەروەها ئەگەری دەربڕینی هزرە فەلسەفییەکان لە دوو توێی شیعر و ئەدەبیاتدا، کار لەسەر بوون دەکات و هەوڵدەدات بە مێتۆدێکی وەسفی شیکاری و بە پشتبەستن بە هزرە فەلسەفییەکانی هایدیگەر، بە شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی دیوانی شیعری (گەڕانەوەی زەردەشت)ی "ئەحمەدی مەلا"، پرسیار وەک تایبەتمەندی و پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆژی بوون بخاتەبەرچاو. لەو شوێنەوە، کە پرسیار وەکو هاندەری گەڕان بە دوای بوون و دواجار نیشاندان و ناسینی ڕۆڵ دەبینێ، مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی ناسکاریش دەناسێنێ و ڕێگا بۆ گەیشتن بە بوون و حەقیقەتی بوون بەرهەڤ دەکات.

**کلیلە وشەکان:** بوون، پرسیار، ئۆنتۆلۆژی، هایدیگەر، ئەحمەدی مەلا، هەڵوەشانەوەگەرایی.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper11 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## پێشەکی

بوون وەک بنەڕەتی هەموو هەبوویێک لە ئاستە (گشت- کل)ییەکەیدا و مرۆڤیش وەک گرنگترین هەبووی ئەم بوونە لە ئاستە (بەش-جزئ)ییەکەی دا،پرسێکی گرنگی فەلسەفە و شیعرە. بە درێژایی مێژوو، کەم و زۆر، چ لە لایەن شاعیر و چ لە لایەن فەیلەسوف و بیرمەندانەوە، سەرنجی پرسی بوون، بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، دراوە. ڕەنگە مامەڵەی فەلسەفە لەگەڵ ئەم پرسە، تا ڕادەیەک بە ئاسانی یەکلایی بکرێتەوە و پەنجەی لەسەر دابنرێ، کە لە کوێدا فەیلەسوف و بیرمەندان، باسیان لە بوون کردووە، بەڵام بێگومان بۆ شیعر، بە سەرنجدان لە تایبەتمەندییە ئۆنتۆلۆژییەکەی و بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی مەعریفە، ڕەنگە کارێکی ئاڵۆز و پڕ لە مشتومڕ بێت. سەرەڕای هەموو ئەمەش، پرسی لێکگرێدراویی فەلسەفە و شیعر، مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و، هەر ئەمەشە دواجار هێزی خۆ خستنە ناو ئەم بوارەمان پێدەبەخشی.

لە ناو شیعردا، لە دنیای هەستەوە بگرە، تا دنیای خەیاڵ و وێناکردنەکانی مرۆڤ، بابەتی شیعرن و، ناوەرۆک و ماهییەتەکەی پێکدێنن. بۆیە بە دڵنیاییەوە دەشێ بڵێین، شیعر هەڵگری فیکرو مەعریفەیەو پەیوەندیدارە بە جیهان و بوونی مرۆیی. بە مانایەکی تر، بە سەرنجدان لە ڕوانگە و ڕەهەندە جیاوازەکانی هزر لە لایەک و، ماهیەتی ئەدەبیات لە لایەکی تر، دەتوانین بڵێین، لە شیعردا گەڕان بە دوای حەقیقەتدا شتێکی بنەڕەتییە، یان بە دەربڕینێکی تر، لە شیعردا بەشێکی ڕاستییەکانی بوون دەبینرێن.

بۆیە بەو گریمانەیەوە، کە پێمان وایە، بەشێکی گرنگ لە ئاوەزی فەلسەفیی ئێمە لە ناو بۆتەی شیعر و بەرهەمی ئەدەبیی شاعیرانماندا خۆی حەشارداوە، بڕیارمان دا، لەژێر ناونیشانی (پرسیار وەک تایبەتمەندییەکی ئۆنتۆلۆژیک لە دیوانی (گەڕانەوەی زەردەشت)ی (ئەحمەدی مەلا)دا)، بە دوای ئەم بابەتەدا بچین.

## گریمانە و پرسیاری توێژینەوە:

لە دەرخستن و ڕوونکردنەوەی بوون، گریمانەی ئەوە دەکەین شاعیر بە (پرسیار) وەک ئاماژەیەکی گرنگ بۆ گەڕان بە دوای شتێک و تیشکخستنەسەری و دواجار دەرخستنی، ڕاستییەکانی بوون دەردەخات و دواجار لێرەبوون و پێداگیری لەسەر ئەم بوونە، دەکاتە گوتارێکی ئۆنتۆلۆژی دژ بەو گوتارە میتافیزیکییەی، کە بوون ڕادەپێچێت لەپێناو دونیایەکی دیکەی دەرەوەی بوون.

پرسیارەکانیشمان بەمشێوەیە دەخەینەڕوو: ئەو ڕەگەزانە چین لە دەقەکەدا، دەمانبەنەوە سەر پرسی بوون و بوونی مرۆڤ؟ لە دەقەکەدا شاعیر بە پرسیار دەست بە پرۆژە شیعرییەکەی دەکات، ئێمە دەپرسین، ئایا پرسیار دەروازەی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper11 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

نزیکبوونەوە لە "بوون"مان بۆ دەکاتەوە؟ پرسیار چ گرنگییەکی هەیە لە دەرخستنی ماناکانی بوون؟ دواجار دووبارە گریمانەی ئەوە دەکەین، کە پرسیارەکانی شاعیر دەبنە وەگەڕخەری هزرمان و ماناکانی بوون رۆشندەکەنەوە.

## میتۆدۆلۆژیی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەماندا، رێبازی (وەسفی ـ شیکاری) مان پەیڕەوکردووە. سەرەتا بە گەڕانی کتێبخانەیی، هەوڵمانداوە سەرچاوە تیۆرییەکانی پەیوەست بە توێژینەوەکەمان بەرهەڤ بکەین، تا بتوانین بەرچاوڕوونییەکی باش پێشکەش بکەین، لە چۆنیەتی دەستنیشانکردن و تیشکخستنەسەر بوون لە شیعرەکانی ئەحمەدی مەلادا. بۆ ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی پشتمان بە روانگە و تێزە فەلسەفییەکانی هایدیگەر بەستووە. سەرەتا لە رووی تیۆرییەوە، چەمک و مانای بوون روون کراوەتەوە. چونکە ئەمە پێشمەرجێکە بۆ نیشاندانی تایبەتمەندی بوونناسانەی "پرسیار" بەوشێوەی کە لە دەقەکەدا، ئەرکدار کراوە. دواتریش بە پشتبەستن بە هزر و تێڕوانینەکانی هایدیگەر، مانا و ئاماژەکانی پرسیار وەک بابەتێکی ئۆنتۆلۆژیک لە دەرخستنی رەهەندەکانی بوون، لە دەقی (گەڕانەوەی زەردەشت)ی "ئەحمەدی مەلا" دا، خراوەتەڕوو. خاڵێکی دیکە کە پێویستە سەبارەت بە روانگە و شێوازی کارکردنی ئەم توێژینەوەیە بیخەینەڕوو ئەوەیە، کە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا ئەو تێڕوانینانەمان نەخستوونەتەڕوو، کە باس لە فەلسەفیبوونی شیعر دەکەن. لە راستیدا، مەسەلەی نزیکایەتی و پێوەندی شیعر و فەلسەفە، وەک پێشتریش باسمان کرد، بە درێژایی مێژوو باسی لێوەکراوە و، گریمانەکەی ئێمە لە دوای ئەوەوە دەستپێدەکات کە شیعر دەتوانێ فەلسەفی و هەڵگری رەهەندێکی فەلسەفی بێت. هەربۆیە زۆرێک لەو روانگانەی کە باس لە فەلسەفی بوونی شیعر دەکەن، تەنانەت خودی نووسینێکی هایدیگەر کە سەبارەت بە شیعری هۆڵدەرلین نووسیویەتی، لێرەدا سوودیان لێوەرنەگیراوە، چونکە پێمان وابووە کە هەر خودی ئەم توێژینەوەیەش لە رووی میتۆدی کارکردنەوە، شتێکی هاوشێوەی ئەوانە.

## واتاکانی بوون، بوون لای هایدیگەر

### ١- پاشخانێکی مێژوویی کێشەی واتای بوون:

بەرلەوەی بچینە سەر باسی بوون لای هایدیگەر، پێویست دەکات کە پاشخانێکی مێژوویی دید و تێڕوانینە جیاوازەکان سەبارەت بە بوون، بخەینە بەرچاو. ئەمە بۆ ئەوەیە، چونکە لە خودی خۆیدا، تێگەیشتنی هایدیگەر هەم بەرپەرچدانەوەی رەهەندە فکری و فەلسەفییەکانی رابردووە و هەم بەرهەمی تێگەیشتنەکانی ئەوانە.

پێناسەکردنی بوون کارێکی ئاسان نییە، بەڵام دەستبەرداربوونیشی بە بیانووی خۆبەدەستەوەنەدانی دەبێتە کێشەیەکی مەعریفی. پێناسەکردنی بوون، بە ئاڵۆزی دەستپێدەکات. ئەو ئاڵۆزییە وەک جۆرێک لە کێشە، بۆخۆی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper11 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

دەبێتە هەوڵێکیش بۆ شەنوکەوکردنی بوون و نزیکبوونەوە لە ماناکانی، چونکە بەکێشەکردن(problematization) تایبەتمەندییەکی مەعریفییە بۆ ڕوونکردنەوەی مانای پرسێک. لە ڕاستیدا، بۆ هێنانەئارای تێگەیشتن لەبارەی پرسێک، گرنگترین ڕێگای سەرەتایی بۆ ڕوونکردنەوەی پرسەکە، بەکێشەکردنییەتی.

لە مێژووی فەلسەفەدا، بوون لە چەندین لاوە قسەی لەسەرکراوە و، چەندین پێناسەو لێکدانەوەی هەمەجۆر، لە ڕوانگەو بۆچوونی جیاواز و دژبەیەک، سەبارەت بە بوون هاتوونەتە ئاراوە. ئەمە بەدوای خۆی دا کێشەیەکی مەعریفیی بەدیهێناوە، کە زۆرجار فەیلەسوفان بۆچوونەکانی یەکتریان ڕەتکردۆتەوە. تەنانەت فەیلەسووفێکی وەک (کانت) پێیوایە خۆ خەریککردن بە پێناسەکردنی بوون کارێکی بێهودەیە، چونکە مەعریفەی مرۆڤ ئەوەندە بڕ ناکا و بە بڕشت نییە، تا خۆی لە قەرەی ئەم کێشەیە بدات و پەردە لەسەر نهێنییەکانی بنەڕەتی بوون هەڵماڵێت. (کەمال، ٢٠٠٧، ١٣). بەڵام ئێمە هاوڕا لەگەڵ هایدیگەر پێمانوایە، ئەمە پاساونییە تا دەستبەرداری گەڕان و توێژینەوە بین سەبارەت بە ماناکانی بوون. بۆ ئەمەش پێویستیی پرسیارکردن سەبارەت بە بوون سەرلەنوێ دەسەلمێنێت و، دواجار بوون هەمیشە پێویستی بە تیشکخستنەسەر و ڕووناککردنەوەی تازە هەیە.( هایدیگەر، ٢٠١٣، ٣٩).

هەبوونی لێکدانەوەی فەلسەفیی جیاواز سەبارەت بە بوون، وایکردووە چەندین ڕەوت و ڕێبازی فەلسەفیی جیاجیا سەرهەڵبدەن. ئەم لێکدانەوانە لە (ئەفلاتوون)ەوە تا (نیچە)، بە زاڵکردنی هەبووێک و دانانی لەپێش (بوون) دەستپێدەکات. واتە دانانی بوون بە پاشکۆو گەڕاندنەوەی بۆ هەبووێک. ئەمەش نەریتێکی درێژی بەدوای خۆی دا هێناوە، کە نەریتێکی میتافیزیکییەو بریتییە لە لەبیرکردنی بوون. (ستراتێرن، ٢٠٠٩، ١٢). (هەروەها بڕوانە هایدیگەر، ٢٠١٣، ٣٧).

مێژووی فەلسەفە لەپێش ئەفلاتوون، خاوەنی نەریتێکی درێژو گرنگی بیرکردنەوەی سەرەتایی فەلسەفییە سەبارەت بە بوون. ئەویش ئەو فەیلەسوفانەن کە بە (سۆفستاییەکان) یان (پێشسوکراتییەکان) ناوزەددەکرێن. ئەوان هەوڵیان دەدا لە چییەتیی بوون و جیهان بکۆڵنەوە و دەیانپرسی ( چۆن هەموو شتێک هاتۆتە بوون و بوونی هەیە؟). بەلای ئەوانەوە، بوون و جیهان دەبێ لە ڕەگەز و توخمێک پێکهاتبێ و ئەو ڕەگەزەش چییەتی و جەوهەری بوون بێت. (سیوەیلی، ٢٠١٢، ١٨).ئەم فەیلەسوفانە تاڕادەیەک فیکری خۆیان تەرخان کرد بۆ لێکۆڵینەوە لە بوون، بۆیەش دەبینین دەبنە سەرچاوەیەکی گرنگی هایدیگەر بۆ لێکدانەوەی بوون. ئەمانە بە (فەیلەسوفانی سروشت)یش ناوزەددەکرێن، چونکە لە دیاردەکانی بوونیان کۆڵیوەتەوە ؛ بەتایبەتیش بوونیان گەڕاندۆتەوە بۆ یەکێک لە ڕەگەزەکانی (ئاو، ئاگر، هەوا، خۆڵ). (ئەخمانۆف و ...، ٢٠٠١، ٤٢).

ئەفلاتوون(٣٤٧-٤٢٧ پ. ز) بوونی گەڕاندۆتەوە بۆ (ئایدیا) و ئەم بوونەی بە بوونێکی ساختە/ کۆپی داناوە بۆ بوونی ئایدیال کە بریتییە لە (چاکە). بەلایەوە چاکە بنەڕەتی بوون و هەموو هەبووەکانە ((چاکە، بوون نییە، لە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper11 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ڕووی هێزو پلە لە ژوور بوونەوەیە)) (ئەفلاتوون، ٢٠٠٩، ٢٢٠). دوای ئەو ئەرستۆ (٣٨٤–٣٢٢ پ.ز) بوونی گەڕاندۆتەوە بۆ هێزێکی میتافیزیکیی لەودیو ئەم بوونەوە و ناوی لێناوە جوڵێنەری یەکەم (ستراتێرن، ٢٠٠٩، ١٢).

(ئەفلاتونیزمی نوێ) ش، کە پلۆتین( ٢٧٠ز مردووە) دایمەزراندووە، باوەڕی بە هەمان میتافیزیکی ئەفلاتون هەیەو ئامانجی درێژەدان و گەیاندنی فیکری ئەفلاتون بووە. دواتریش لەگەڵ فراوانبوونی دینی مەسیحی و ئیسلام، چەند فەیلەسوفێکی مەسیحی و ئیسلام دەکەونە بەر کاریگەریی ئەو ڕەوتە فەلسەفییەو تێهەڵکێشی دینەکەیانی دەکەن. (کەمال، ٢٠١٩، ٧). واتە لەو کاتیش بوون بە پاشکۆ دانراوەو گەڕێنراوەتەوە بۆ هێزو جیهانێکی دەرەوەی بوون.

دواتر، فەیلەسوفی فەرەنسی دیکارت (١٥٩٦–١٦٥٠) کۆجیتۆکەی خۆی دامەزراند و گوتی (من بیردەکەمەوە کەواتە هەم) بەمەش (بیر/ منی خودگەرا)ی پێش بوون خست و ڕایگەیاند (من جەوهەرێکی بیرکەرەوەم) (دیکارت، ٢٠١٦، ٥٧). ئەمە کێشەیەکی لۆژیکیی فەلسەفی دەخولقێنێت، بەوەی (من) پێش (بوون) دەخات ؛ لەکاتێکدا دەبێ (بوون) هەبێ ئینجا (هەبوو/من). بە مانایەکی تر: (من) ناتوانێت لە بۆشاییدا و بەبێ بوون هەبێت ؛ کەچی دیکارت سیستەمێکی میتافیزیکیی دادەنێت و بوون دەکاتە پاشکۆی بیر.

کانت (١٧٢٤–١٨٠٤) پێیوایە هەموو شت لە ئەقڵی مرۆڤدایە و باس لە ئەقڵێکی گشتیی باڵا(transcendental) دەکات و، ڕۆڵی مێژوویی مرۆڤ لە داهێنانی ناوەڕۆکی ژیان کەمدەکاتەوەو، ئەقڵانییەت (rationalism) دەکاتە بنچینەی منی خودگەرا ؛ هاوکات ڕایدەگەیەنێت کە مرۆڤ قەت ناتوانێت پەی بە بوونی شتەکان لەخۆیاندا ببات ؛ ناتوانێت بزانێت شتەکان لەخۆیان دا چۆنن ؛ تەنها دەتوانێت بزانێت بەلای ئەوەوە چۆنن ؛ بەمەش جیاوازیی لەنێوان ( دیاردە phenomenl ) و (جەوهەری دیاردە، یان شت لە خۆی دا nouminal ) دەکات.[1] سەبارەت بە کانت، هایدیگەر دەنوسێت ((دوو شت بوون بە ڕێگر لە ئاست تێگەیشتنی کانت دا، یەکەم بایەخنەدان بە گرفتی "بوون" و هەروەها ئەوەی کە نەیتوانیوە ئۆنتۆلۆژییەک دابمەزرێنێت، کە دازاین[2] دەبێت بە ناوەڕۆکی باسەکەی، (یان بە زمانی خودی کانت) شیکردنەوەیەکی ئۆنتۆلۆژیانەی سەرەتایی بۆ خۆگەرێتیی "خۆ"ئامادە بکات. ئەو بیر وشکانە شوێن دیکارت کەوت)) (هایدیگەر، ٢٠١٣، ٦٦).

فەیلەسوفانی پاش دیکارت و کانت ((لە سپینۆزا و لایبنیزەوە بۆ هیگڵ، لە مارکسەوە بۆ نیتشە، لەنێو نەریتە میتافیزیکییەکەدا گیریان خواردووە: (جەوهەر) بۆ سپینۆزا، (مۆناد) بۆ لایبنیز، ((ئاگامەندی) بۆ هیگڵ و (ماتەر) بۆ

---

[1] – دیاردە ئەوەیە کە ئێمە دەیبینین و بەریدەکەوین ؛ نۆمینە جەوهەری شتە لە خودی خۆی دا، کە هەرگیز ناتوانین پێیبگەین. (ڕەفیق، ٢٠١٠، ٧٩).

[2] – (دازاین) یەکێکە لە چەمکە سەرەکییەکان لە فەلسەفەی هایدیگەردا و بۆ بوونی مرۆڤ بەکاریدەهێنێت. بوونێك لێرە لە ناو جیهان. هەروەك لە دربڕینێکدا دەڵێ: ((بۆ دازاین بوون لەنێو جیهان بنەڕەتییە)). (هایدیگەر: ٢٠١٣: ٥٢)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper11 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

مارکس بە بنەڕەتی هەبووەکان دانراون. هیچ کام لەم بنەڕەتانە (بوون) نییە و جۆرێکە لە (هەبوو) )) (کەمال، ٢٠١٤، ٤٧).

بەمشێوەیە دەبینین بوون لەناو بەستێنی لێکدانەوە فەلسەفییەکان، وەک پرسێکی کێشەدار ماوەتەوە، بەڵام ئەم کێشەدارییە بیانوویەکی لۆژیکی نییە تا بەهۆیەوە دەستبەرداری ببین. دیارە ئەوەی کە هایدیگەر و بوونگەراکانی تر پێیانوایە بەشێک لە فەیلەسوفان بوونیان لەبیرکرووە، بەو مانایە نییە کە ئەم فەیلەسوفانەیان لا گرنگ نەبووبن ؛ بەپێچەوانەوە نەریتی فەلسەفیی خۆرئاوا بە گفتوگۆ و دایەلۆگ، لەتەکوەستان و سەرسامبوون و خوێندنەوەی یەکتری، بەریانی خۆی درێژدەکاتەوەو پەل دەهاوێت و، هەر لەم سۆنگەیەشەوەیە کە هزری رەخنەیی خۆیان دەخەنەڕوو، چونکە رەخنەکاری و شرۆڤەکاری، بۆخۆی گرنگترین خزمەتێکە بە نووسین بکرێت. ئەمانیش هەر ئەمەیان کردووە.

کێشەداریی بوون بۆ زۆریی هەبووەکان و جۆراوجۆریی لێکدانەوەکان دەگەڕێتەوە ؛ وەک بوونی مرۆڤ، ئاژەڵەکان، کەلوپەل، رووەک و باڵندەکان ؛ سەرباری ئەمانە، کێشەی بوونی خوا، نەفس و نابەرجەستەکان، ئەمانەش بۆخۆیان کێشەیەکی تر لە روونکردنەوەی واتای بوون درووستدەکەن. (ماکواری،٢٠٠٧،٩٧).

دواجار دەبینین، پرسی بوون لە مێژووی فەلسەفەدا بە کێشەداریی و لەنێو تەمدا مانەوە سەرەتاتکێ دەکات. فەیلەسوفان زیاتر لە هەبووەکانیان کۆڵیوەتەوە، بەڵام ڕوونکردنەوەی واتای بوون، بەو شێوەیەی ئامانجی توێژینەوەکەی ئێمەیە، دەمانباتە ناو پرسێکی دیکەی تایبەت بوون، ئەویش جەختکردنەوەو لەپێشتردانانی بوونە وەک بنەڕەتی هەموو هەبووێک.

## ٢_ واتای بوون

زاراوەی بوون لە (Existence)ی لاتینییەوە هاتووە. ڕیشەی زمانەوانیی وشەکە بەمشێوەیەیە: ((فرمانی هەیە –ex sist یان exist لە فرمانی لاتینی ex–sistre ەوە وەرگیراوە. لە بنەڕەت دا بە مانای دەردەکەوێ stand out ، یان دێتە دەرێ emerge هاتووە)) (ماکواری، ٢٠٠٧، ٩٦). واتە ئەوەی کە خۆی دەردەخات و دەکەوێتە بەر رۆشنایی تێگەیشتن. هەموو ئەوەی لە بوون دا دەردەکەوێت و خۆی دەردەخات، بریتییە لە بوون و بوونی شتەکان ؛ بۆیە پرسی بوون پرسێکی گشتیی بەرفراوانە و کۆی هەبووەکان و لەهەمان کاتدا خودی بوونیش دەگرێتەوە.

بوون بریتییە لە بنەڕەتی ئەو هەبووانەی خۆیان دەردەخەن. بوون(( راستەقینەیەکە کە بەبێ ئەو هیچ شتێکی دی نایێت و ئێمەش بەشێکین لەو ؛ ئەوەی دەیزانین لەبارەی ئەوەوەیەو هەر شتێکیش لە بوون بەدەر بێت ئەوا نییەو ناناسرێت)) (کەمال، ٢٠٠٧، ١٧). لێرەدا، بوون بنەڕەتی هەموو شتێکە ؛ کۆیەکی گشتگیرە، کە هەموو هەبووەکان


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper11 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

لەخۆدەگرێت. ئەم پێناسانە جەخت لەسەر بوون دەکەن وەک بنەمای هەبووەکان، بەڵام با بپرسین: ئەی خودی بوون چییە؟ ((بوون هەموو شوێنێکی پڕکردووە، تەنانەت ئێمەش بەشێکین لەو ؛ بەبێ بوون باس لە هیچ شتێک ناکرێت، کەچی هێشتا ناتوانین ئەو بوونە بەدەستبگرین، یان هەستی پێبکەین. کاتێک بیر لە بوون دەکەمەوە، دەڵێیت بیر لە "هیچ" دەکەمەوە و تەنیا ئەو مانایە لە مێشکمدا دروستدەبێت کە هەبوونە)) (کەمال(ا)، ٢٠٠٧، ١٨).

لە کۆی لێکدانەوەکان بۆ مانای بوون، دەگەینە ئەو راستییەی کە دوو جۆر راستەقینەمان دەستگیر دەبن: یەکەم: بوون. دووەم: هەبوو. بوون بنەڕەت و پێشمەرجە بۆ هەبوو. بەبێ بوون، هەبوو ناتوانێت بوونی هەبێت ؛ هەبوو شێوازە جۆراوجۆرەکانی دەرکەوتنی بوونە ؛ بوون گشتەکی و هەبووش هەندەکییە ((لە زمانی ئینگلیزی دا جیاوازی نێوانیان بە نووسین دیاریکراوە، Being بە پیتی گەورە B بۆ بوون و being بە پیتی بچوک b بۆ هەبوو بەکاردێت)) (کەمال(ب)، ٢٠٠٧، ٤٨ ). بۆ ڕوونکردنەوەی هەر یەکێکیشیان پێویستمان بە ئەوی تر هەیەو دەبنە سەرچاوە بۆ یەکتری.

## بوون لای هایدیگەر

هایدیگەر یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە کۆی نووسینەکانی، تەنانەت ئەوانەشی کە لێکۆڵینەوەن لەسەر شیعر و هونەر، دەچنەوە سەر پرسی بوون و نیشتەجێبوونی مرۆڤ لە جیهان دا. گرنگترین بەرهەمی کە پێیدەناسرێتەوەو تێڕوانینی گشتیی ئەو لەخۆدەگرێت، کتێبە ناودارەکەیەتی بەناوی (بوون و کات)، کە لەساڵی ١٩٢٧ نووسیویەتی.

هایدیگەر تا ئەو ڕادەیە پرسی "بوون" بە گرنگ دادەنێت، کە ناچار دەبێ کۆی فیکری خۆرئاوا لە (ئەفلاتوون)ەوە تا (نیچە) بە (لەبیرکردنی بوون) تۆمەتبار بکات و، کۆی فیکری خۆیشی بۆ لێکۆڵینەوە لە بوون، بەتایبەتیش بوونی مرۆڤ تەرخان بکات. لەمەدا مەبەستی ئەوە نییە، کە بیرمەندان باسی بوونیان نەکردووە، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە کە ئەوان بوونیان بە پاشکۆی هەبووەکان داناوە و گەڕاندوویانەتەوە بۆ جەوهەرێکی لەپێشتر ؛ ئەمەش نەریتێکی میتافیزیکیی بەرهەمهێناوە، کە لەباتی(بوون) لە (هەبوو) دەکۆڵێتەوە و ئەم نەریتە میتافیزیکییە بۆتە هۆی ئەوەی بوون لەبیربچێتەوە (کەمال(ب)، ٢٠٠٧، ٦٤).

لە دەستپێکی کتێبی بوون و کات دا، هایدیگەر ئەو پێشبیرانە (لێکدانەوە پێشینەکان) دەخاتەڕوو، کە سەبارەت بە بوون خراونەتە ڕوو و، پێیوایە پرسیار سەبارەت بە (بوون) لەبیرکراوە ؛ بوون چییە؟ (( لەسەر بنەمای دەسکەوتی یۆنانییەکان بۆ راڤەکردنی بوون، دۆگمایەک سەبارەت بە واتای بوون دامەزراوە، کە نەک پرسیارکردنەکە بە ناپێویست دادەنێت، بەڵکۆ بەتەواوی پشتگوێی دەخات)) (هایدیگەر،٢٠١٣، ٣٧). واتە بەلای هایدیگەرەوە، فەلسەفە جەوهەریترین بابەتی خۆی، کە (بوون)ە، لەبیری کردووە و لەجیاتی ئەمە لە هەبووەکان دەکۆڵێتەوە و بە بنەڕەتیان دادەنێت و بوون دەکاتە پاشکۆ. ئەمەش لەباتی ببێتە پرۆژەیەکی ئۆنتۆلۆژی، دەبێتە میتافیزیک . میتافیزیک نەریتێکی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper11 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

زاڵبووی بیرکردنەوەی فەلسەفییە، (هەبوو) لە جێگەی (بوون) بە بنەڕەت دادەنێت و لە بوون ناکۆڵێتەوە ((میتافیزیک ئاوڕ لە گرنگترین و سەرەکیترین بابەتی فەلسەفی کە (بوون)ە، ناداتەوە. پەیوەندییەکەی لەگەڵیدا دەبڕێت و خۆی لە بوون (نامۆ) دەکات… بە نامۆیی پەیدادەبێت و بەنامۆیی دەمێنێتەوە. ئەمە بەتەنیا کاریگەریی نێگەتیڤانەی بەسەر فەلسەفەوە نییە، بەڵکو لەگەڵ خۆیدا کولتورێکی نامۆ دەسەپێنێت و بیرکردنەوەی فەلسەفییانە لە ڕاستیی (بوون) دووردەخاتەوە)) (کەمال، ٢٠١٤، ٣٢).

هایدیگەر سێ جۆر بوون لەیەکتر جیا دەکاتەوە: بوونی گشتی(sein) ، ( بوونی مرۆڤ (dasein) و بوونی بەردەست (seinden) . بوونی گشتی بوونی بنەڕەتییە، کە هەبووەکان لەخۆدەگرێت ؛ (دازاین)یش بوونی مرۆڤە، کە "لێرە" خۆی دەردەخات و، واتای (بوون–لێرە) دەگەیەنێت ؛ بوونی بەردەستیش بوونی ئامرازو کەرەستەکان دەگرێتەوە. (هایدیگەر ، ٢٠١٣، ٥١).

هایدیگەر لە فەلسەفەکەی دا، کە لە (بوون و کات) دایمەزراندووە، بوون دەکاتە بنەڕەت و بنەما و، لەسەر ئەم بنەمایە (هەبوو)ەکان شیدەکاتەوە. بۆ شیکردنەوەی واتای بوون، گەشتە فەلسەفییەکەی لە (مرۆڤ–دازاین) دەستپێدەکات و، لێیەوە بە واتای بوون دەگات ؛ سەرەتا بە ڕاڤەکردنی بوونی مرۆڤ (دازاین Dasien)، بە بوونی گشتی(زاینSien) دەگات. لێرەدا ئەو پرسیارە درووستدەبێت، کە بۆچی هایدیگەر مرۆڤی لەپێش هەموو هەبووەکان داناوە و کردوویەتییە بنچینەی فەلسەفەکەی؟ چونکە پێیوایە لەنێو هەموو بوونەوەرانی تر، تەنها مرۆڤ پرسیار دەکات و هەوڵی تێگەیشتن لە بوون دەدات. تەنها بۆ مرۆڤ، بوون کێشەیە و هەوڵدەدات ئەم کێشەیە تێپەڕێنێت، یان ڕۆشنی بکاتەوە. بەلایەوە دازاین لە هەبووەکانی تر جیاوازە ؛ ئەو جیاوازییەش ((ئەوەیە کە بوون بۆ ئەو کێشەیە. ئەمەش حاڵەتی پێکهاتووی دازاینە ؛ دازاین لە بوونیدا پەیوەندیی لەگەڵ بووندا هەیە، پەیوەندییەک سەر بە خودی بوونە)) (کەمال، ٢٠١٤، ٥٠).

لەبەر ئەم مانایانەیە، کە هایدیگەر پێیوایە بۆ تێگەیشتن لە بوون سەرەتا دەبێ لە بوونی مرۆڤ تێبگەین و بەپێچەوانەوەش بوونی مرۆڤ(Dasien ) لەسەر بنەڕەتێکی لەپێشتر ڕاوەستاوە ئەویش بوونە(Sien). واتە دەبێ لە مرۆڤ تێبگەین ئەوجا لە بوون تێدەگەین، بەڵام تێگەیشتن لە مرۆڤیش، پەیوەستە بە باسکردنی مرۆڤ بۆ بوون، بۆ جیهان.

هایدیگەر پرۆژە فەلسەفییەکەی خۆی لەمیانی دوو هەنگاوی بنەڕەتییەوە بەرجەستە دەکات: هەنگاوی یەکەم، بە دەوری بابەتی جێگیرو سنوردار دەخولێتەوە، ئەویش لێکۆڵینەوەیە لە مەسەلەی بوون. هەنگاوی دووەمیش، خۆی لە وەلانانی ڕێسا میتافیزیکییەکان دەبینێتەوە و لێکۆڵینەوەیە لەسەر شتەکان و بوونەوەر. (کامل، ٢٠١٩، ١٣٦). واتە پرسی بنەڕەتیی پرۆژەی فەلسەفیی هایدیگەر جیهان و بوونی مرۆڤە. کەواتە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین لای


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper11 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

هایدیگەر بوون بنەڕەتە ؛ بنەڕەتی هەبووەکانە. سەرەتا بوون هەیە ئینجا هەبوو، هیچ هەبوویَکیش ناکەویَتە دەرەوەی بوون، ئیَمە لە بوون داین.

## پرسیار وەک بنەمایەک بۆ دەرخستنی واتای بوون

بوون چییە؟ ئەو هەبووە کێیە پرسیار لە بوون دەکات و بوون بۆی دەبێت بە کێشە؟ هایدیگەر لە دەستپێکی پرۆژە فەلسەفییەکەی (بوون و کات)دا، بە پرسیار دەست بە گەشتی لێکۆڵینەوەکەی دەکات ؛ پرسیارەکانی: بوون چییە؟ بوون بۆ کێ دەبێ بە کێشە؟ کام هەبوو پرسیار لە ئاست بوون دەکات؟ دەبنە کلیلی بەدواداگەڕان و روونکردنەوەی واتاکانی بوون و بوونی مرۆڤ ((ئەگەر پرسیار بکەین بوون چییە؟ ئێمە بەبێ ئەوەی لە واتای "هەیە" تێبگەین لە ئاستیدا رادەوەستین)) (هایدیگەر، ٢٠١٣، ٤٢) ((لەنێو چی هەبوویەک دا واتای بوون دەردەکەوێت؟ لەنێو چی هەبوویەکەوە خۆدەرخستنی بوون دەستپێدەکات؟ چ هەبوویەک هەڵبژێرین و لە چ روویەکەوە لەوانی دی لەپێشترە؟)) (هایدیگەر،٢٠١٣، ٤٣) ((پرسیارەکەمان سەبارەت بە بوونە، بوونیش واتا بوونی هەبووەکان ؛ ئەوا بەدواداگەڕانەکەمان بوونی هەبووەکانیش دەگرێتەوە ؛ پرسیار لە بارەی بوونیانەوە دەکرێت)) (هایدیگەر،٢٠١٤، ٤٣).

ئەمە دەستپێکی گەڕانی هایدیگەرە لە (بوون و کات )دا بەدوای واتای بوون و لەوێوەش دەرخستنی واتای بوونی مرۆڤ. هەموو کارە فەلسەفییەکەشی خەمێکی قووڵی مرۆڤێکی بیرکەرەوەیە سەبارەت بە بوون ؛ ئەویش لەکاتێک دا بوو، کە بوون لەبیرکرابوو و چی دیکە جێی بایەخی بیرمەندان نەبوو ؛ لەبری ئەوە شتانێکی تر ببوونە جێی بایەخ. لێرەوە چاومان دەگوازینەوە سەر (ئەحمەدی مەلا)و کارە شیعرییەکەی (گەڕانەوەی زەردەشت).

گەڕانەوەی زەردەشت کارکردنێکی شیعرییە لەسەر پرسی بوون و بوونی مرۆڤ. ئێمە پێمانوایە ئەم دەقە گوتارێکی ئۆنتۆلۆژیی دادەمەزرێنێت. گەشتی شاعیر لەم دەقەدا لە بوونی جیهانەوە دەستپێدەکات و لەو بوونەش مرۆڤ دەکاتە چەقی کارەکەی. تەنانەت بوونی یەزدانیش لە میتافیزیک دادەگرێت ودەیهێنێتە ناو بوون، وەک ئەوەی بڵێ: گەر خودا هەبێ دەبێ لە بوون دا بێ؛ لێرە و لەگەڵ مرۆڤ دا بێ ؛ هاوخەم و هاوبوونی مرۆڤ بێ. هەروەک چۆن هایدیگەر بە پرسیارکردن لە بوون، بە بوونی مرۆڤ دەگات و هەوڵی روونکردنەوەی دەدات، ئەحمەدی مەلاش گەشتە شیعرییەکەی بە پرسیار دەستپێدەکات و وەک بەگژداچوونەوەیەکی باڵادەستیی میتافیزیک جەخت لەسەر لێرەبوون دەکات:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper11 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

***بەرامبەر بە خۆر راوەستاوم، هێشتا نازانم ئەو بۆ من هەڵهاتووە، یا من بۆ ئەو؟***

***جیهان سپی دەچێتەوە، گزنگی راستی تا بەرپێم کشاوە.***

***لەخۆم دەپرسم دەبێ راستی چی بێ؟ هەڵهاتنی خۆر راستییە، یا بوونی من لێرە؟ یا بوونی هەردووکمان؟***

***راستی لە دەرەوەی منە یان لە ناوەوەمە؟***

***ئایا راستی لەدەرەوەیە، لەنێو تێکشکانی ئاسمانەکانە، یا لەسەر تاتەبەردی تەخت نووسراوەتەوە؟ ئایا رووناکییەکە لەناخم دا جێگیردەبێ و دەبێ بینووسمەوە، یا ئەو من دەنوسێتەوەو دەمنوشتێنێتەوە وەکو نووشتە؟ ئەگەر راستی لە دەرەوەی من دا هەبێ چ شکڵێکی هەیە؟ بە چ زمانێک نووسراوەتەوە و، بە چ شوێنکاتێکەوە وابەستەیە؟ ئایا زمان لە دەرەوەی بوون هیچ واتایەکی دەبێ؟(مەلا، ٢٠١٦، ١٣ و ١٤)***

ئەمانە دەستپێکی پرسیارە شیعرییەکانی شاعیرن لەسەر بوون و بوونی مرۆڤ. لەسەرەتاوە، شاعیر (شوێن)ی خۆی نیشاندەدات : (بەرامبەر بە خۆر راوەستاوم) شوێنی شاعیر کوێیە؟ بەرامبەر خۆر. بەرامبەر خۆر کوێیە؟ ئێرەیە، ئێرەش (بوون)ە، جەختکردنەوەیە لەسەر جیهان/بوون/گەردوون. باسکردنە لەوەی کە "بوون" ئەوکاتە "بوون"ە، کە لێرەدا باسی لێ بکرێ و بهێنرێتەوە ناو بوون. رووی شاعیر لە گەردوونە. شاعیر دەیەوێ رۆشناییەک سەبارەت بە بوون بئافرێنێ، بۆ ئەمەش دەبێ رێگایەک بدۆزێتەوە، کە ئەو رێگایە لە گەڕانەوەی زەردەشت بە (پرسیار) دەستپێدەکات. پرسیارو رامان و راوەستان لەئاست بوون دا، دەستپێکی پرۆسە شیعرییەکە وەگەڕدەخەن. واتە دەستپێک پەیوەندیدارە بە هاتن و ئامادەبوون لێرە (لە شوێن). وەک چۆن دەبینین ئەحمەدی مەلا لە سەرەتاکانی دەستپێکی پرۆسە شیعرییەکە، ئامادەبوونێک لە شوێن رادەگەیەنێت: ( بەرامبەر خۆر راوەستاوم... لێرە راوەستام..) لەدوای ئەم ئامادەبوون و راوەستانە، پرۆسەی شیعر لای شاعیر دەستپێدەکات و بەرەو پرسیارو پرسە وجودییەکان درێژدەبێتەوە.

بەرامبەر بە خۆر، شوێنی (راوەستان)ی شاعیرە لە ئاست بوون دا، (راوەستان لە ئاست-...) هەمیشە پرسیار بەدوای خۆی دا دەهێنێت. پرسیاریش هەوڵی مرۆڤە بۆ روونکردنەوەی نەزانراو و گەڕان و تێگەیشتن. لە پشت پرسیارکردنەوە ویستی زانین هەیە، پرسیار دنەدەری مرۆڤە بۆ بەدواداگەڕان. ئەگەر سەیری ئەزموونی زۆربەی هەرەزۆی نووسەران و زانایان و فەیلەسووفان بکەین، هەمیشە دنەدەری سەرەکی هزر و گەڕانەکانیان، پرسیارێکی مەڵاسدراو بووە لە مێشکیان. بەمشێوەیە پرسیار دەبێتە سەرەتای گەشتی مەعریفی و بەدواداگەڕان و، دواجار داهێنانەکان لە هەبوونی پرسیارێکەوە دێنە بوون. مرۆڤی بیرکەرەوە هەمیشە لە پرسیاردا دەژیت، پرسیاریش یەکجار نییە ؛ هەر پرسیارێک لەوانەیە پرسیاری دیکە بخولقێنێت ؛ هەر لە سەرەتاوە شاعیر ناکۆتابوونی پرسیار نیشان دەدات:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper11 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

***ئاهورا تۆ خاوەن شەش گزنگی، شەش دەروازەی، شەش پرسیاری، هەر پرسیارێکیشت دەیان پرسیارن، گزنگی یەکەمت ڕاستییە، بەڵام تا ئێستا نازانم چ ڕاستییەکت مەبەستە؟(١٤)[٣]***

بەمشێوەیە دەروازەکان پرسیار درووستدەکەن و، هەر پرسیارێکیش دەیان پرسیاری دی بەدوای خۆیدا دێنێت، کە خودی پرسیارەکان زۆرجار گرنگترن لە وەڵامەکان. پرسیار بوونێکی ناکۆتای بێسنوری هەیە، واتە هەمیشەییە و پەیوەندیی بەمەوە نییە، کە مرۆڤ بگاتە زانین، بەڵکو هەر مرۆڤێک بیری کردەوە ئەوا لە پرسیاردا دەژیێت،((پرسیارکردن ئاسۆیەک بۆ زمانێکی دیکە دادەمەزرێنێ، ڕێچکەیەکی نوێ دەکێشێ)) (عەبدوڵا، ٢٠١٢، ٣٥). ئەحمەدی مەلا لە دەستپێکی گەڕانەوەی زەردەشت دا کۆمەڵێک پرسیار دەکات، ئەم پرسیارانە خوێنەر دەخەنە بەردەم بیرکردنەوە یان دووبارە بیرکردنەوە. پرسیارەکان و خودی دەسپێکەکەش شیعرگوتنن سەبارەت بە بوون و بوونی مرۆڤ. هەروەک چۆن هایدیگەر بۆ تێگەیشتن لە بوون لە مرۆڤ دەستپێدەکات و لەوێوە دەگاتەوە دەرخستنی ڕاستیی بوون، ئەحمەدی مەلاش بەهەمان شێوە، بوون و بوونی مرۆڤ دەکاتە بازنەیەکی هێرمنیۆتیکی و لە بەش(مرۆڤ)ەوە بۆ گشت(بوون) (دەڕوات). ئەم (ڕۆیشتن)ەی بە (ڕاوەستان) دەستپێدەکات. ئایا چۆن ڕاوەستان دەبێتە ڕۆیشتن؟ ڕاوەستان و ڕۆیشتن لە ڕووی مانای فەرهەنگییەوە پێچەوانەی یەکن، مرۆڤ کە ڕاوەستا ئیدی لە ڕۆیشتن دەکەوێت. بەڵام ڕاوەستان لێرەدا (ڕاوەستانە لەئاست پرس و بابەتێک/ ڕاوەستانە لەئاست گەردوون دا) بۆیە دەبێتە گەشت و گەڕان/ڕۆیشتنی مەعریفی/شیعری. ڕاوەستان لێرەدا ڕامان و پرسیارە سەبارەت بە شتێک، کە ئەوەی شاعیر لە ئاستیدا وەستاوە (خۆرو گەردوون)ە:

***لە بەرامبەر خۆر ڕاوەستاوم***

***هێشتا نازانم ئەو بۆ من هەڵهاتووە یا من بۆ ئەو؟***

ئەم ڕاوەستانە چەندین پرسیاری بەدوادا دێت ؛ شاعیر لە ڕووی فیزیکییەوە وەستاوە، بەڵام شیعر، کە دەکاتە خەیاڵ و ناوەکییەتی شاعیر، بۆتە هۆی (ڕۆیشتن): ڕۆیشتن بەرەو پرسیار. پرسیاریش ئەگەرچی سەرەتا زانینی بەرهەمنەهێناوە: **هێشتا نازانم**، بەڵام دواتر گریمانە و ئەگەری زۆر بەدوای خۆیدا دێنێت. گرنگ ئەوەیە ڕەگەزێک هەیە و لەوە زیاتر پێشمەرجی بوونی شتێکی تریش دەستەبەر دەکات. شاعیر لەم ڕاوەستانە دەکەوێتە بەردەم بوون، پرسیار لە بوون و بوونی خۆی دەکات ئاخر((مرۆڤ خۆڕایی تەماشای خۆر ناکات)) (میللەر، ٢٠٠٠، ٤٩). زەردەشتی نیچەش بەهەمان ئەزموندا تێدەپەڕێت ؛ بەیانییەک لەخەو هەڵدەستێت و بەرامبەر خۆر ڕادەوەستێت، دواتر پرسیاری لەلا درووست دەبن[٤]. لە گەڕانەوەی زەردەشتیش، ڕاوەستانی شاعیر لەبەردەم خۆردا (بەرامبەر

---

[٣] ـ لێرە بە دواوە لە هێنانەوەی نموونە شیعرییەکان، تەنیا ئاماژە بە لاپەڕەی دیوانەکە دەکەین.

[٤] ـ کتێبی (وەهای گوت زەردەشت)ی نیچە بەمە دەستپێدەکات: ((زەردەشت سی ساڵەبوو کە زێدو دەریاچەی زێدەکەی خۆی جێهێشت و چوو بۆ کوێستان. لێرە چێژی لە گیان و تەنیایی خۆی وەرگرت و دە ساڵان لێی وەڕز نەبوو. بەڵام لە ئاکامدا دڵی گۆڕاو، بەیانییەك لەگەڵ کازیوە هەستا،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper11 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

خۆر راوەستاوم) دەبێتە گەشت و گەڕان. پرسیارەکانی شاعیر دەبنە دەروازە و سەرەتای پرۆسە شیعرییەکە، دواجار مەعریفەو شیعر بەرهەمدێنێت. ئێمە کاتێک شتێکی گرنگ دێتە پێشمان و دەمانەوێ بیناسین، دەڵێین (با بەسەرت دا تێنەپەڕێ، لەسەری بوەستە) (زۆر لەسەر ئەم بابەتە وەستام/ لەسەر ئەم پرسیارە وەستام/ لەئاست ئەم پرسە راوەستام..) ئەم لەسەر وەستانە، بایەخپێدان و گرنگیپێدانە، رامان و بەدواداچوونە. هایدیگەر وەستانی مرۆڤ دەکاتە شێوازێکی ئۆنتۆلۆژییانە: (( ئەگەر کەسێک ببینین لەوێدا وەستاوە، هەرگیز وەکو شتێک نابینرێت، بەڵام وەستانەکەی لە دەوروبەردا شێوازێکی ئۆنتۆلۆژیانەی بوونە)) (هایدیگەر، ٢٠١٣، ١٨٨). لە فەلسەفەی بوونگەرایی دا، بوون(جیهان/شوێن) پێشمەرجی بوونی مرۆڤە، واتە بنەڕەتە و پێش هەموو هەبووەکان دەکەوێت، خودی زاراوەی (دازاین)یش، کە هایدیگەر بۆ بوونی مرۆڤی بەکاردەهێنێت، ئەم ئاماژە و واتایەی تێدایە و بەمانای(بوون لێرە) دێت. (لێرە )کە دەکاتە جیهان، پێش بوونی مرۆڤ دەکەوێت ((بۆ دازاین بوون لەنێو جیهان بنەڕەتییە)) (هایدیگەر، ٢٠١٣، ٥٢) بۆیەش دەبینین شاعیر ئەم حەقیقەتە بە پرسیار دەردەبڕێت:

***ئایا زمان لە دەرەوەی بوون هیچ واتایەکی دەبێ؟ ١٥***

ئەم پرسیارە شیعرییە بەبێ ئەوەی وەڵامیش بدرێتەوە بنەڕەتبوونی بوون نیشان دەدات. کە شیعرەکە دەخوێنینەوە ئەمە وەک جەختکردنەوە لەسەر گرنگیی بوون دەردەکەوێت. ئەم پرسیارەی شاعیر، بوون دەکاتە بنەڕەت. هیچ شتێک ناکەوێتە دەرەوەی بوون ؛ بوون بنەڕەتی هەبووەکانە. بۆیەش شوێن دەبێتە پرسێک لەم بەرهەمەدا و وەک پرسێکی ئۆنتۆلۆژی دەردەکەوێت، کە دەبێتە شوێنی بنەڕەتیی مرۆڤ. ئەم دەستپێکە شیعرییە بە پرسیار، بنیادنان و کردنەوەی ڕێگایەکە، وەک هایدیگەر لە دەستپێکی وتارەکەی دا( پرسیار سەبارەت بە تەکنەلۆژیا)دا دەڵێ ((پرسیارکردن بنیادنانی ڕێگایەکە، ڕێگاکە بیرکردنەوەیەکە… هەموو ڕێگایەکی بیرکردنەوە کەم یان زۆر ئەگەرێکی زانینە و، بەناو زمان دا بەشێوەیەکی ناوازە درێژدەبێتەوە)) (Heidegger :١٩٩٣:٣١١) واتە پرسیار دەبێتە ڕێگایەک بەناو زمان دا بەرەو بیرکردنەوە و دواجار زانین و پەیپێبردن.

دوای بنیادنانی چەندین پرسیاری بوونخوازانە، شاعیر بەردەوام دەبێ و زیاتر شوێنی خۆی دەردەخات:

***لێرە ڕاوەستاوم: ئەم گەردوونە لەناومدا گەشە دەکات، لەناو مندا زیندووە***

***دەمەوێ ئەم ڕاستییە بخۆمەوە (١٥)***

شاعیر سەرەتا شوێنی خۆی بە(لەبەرامبەر خۆر) نیشان دا، خۆر سەر بە جیهانە، لە بوون (گەردوون)دایە، کەواتە بەرامبەر خۆر (ئێرە)یە: (لێرە راوەستاوم). ئەمە پێداگرتنە لەسەر بوون ؛ بوون شوێنی راوەستانی شاعیرە ؛

---

هەنگاوی بەرەو هەتاو هەڵێناو وەهای پێگوت: ئەی هەسێرەی مەزن! چ بەختیارییەکت دەبوو ئەگەر نەبان ئەوانەی کە بۆیان دەدرەوشێیتەوە!؟ )) (نیچە: ٢٠١٥: ١٤)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper11 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

(لێرەبوون: لێرە ڕاوەستاوم) دژوەستانەوەیەکە بەرامبەر ئەو گوتارە میتافیزیکییە ئایینییەی، کە هەمیشە فەزڵی دونیایەکی دی دەدا بەسەر ئەم بوونەدا، تەنانەت بە زیادەو خراپ دایدەنێت. بۆیە گوتاری میتافیزیکی ئاینی، گوتارێکە بوون رادەپێچێت و لە نادیاردا دایدەنێ. بۆیە (لێرە ڕاوەستان)ی شاعیر، پێچەوانەی ئەم گوتارە میتافیزیکییەیە و، پێداگرتنە لەسەر گەردوون(بوون) و، مرۆڤیش وەک سەروەری گەردوون.

چەمکی (لێرە) کە شاعیر دەڵێت (لێرە ڕاوەستاوم...) ئاماژەیە بۆ شوێن و، هایدیگەر لە بوون و کات دا، زیاد لە جارێک لەسەری دەوەستێت. چەمکێکە ئاماژە بۆ (شوێن، دەوروبەر، ڕاوەستان لە ئاست-...، ئێرە، ئەوێ، ڕاوەستان بە نیگەرانییەوە/ بیرکردنەوەو ڕامان...) دەکات: ((من-لێرە) واتای خۆیەکی تایبەتی، وەکو شت نابەخشێت، بەڵکو بوونە- لەنێو، یان لەوێ دا (لەوێدا)ش ئەو شوێنەیە دازاین بە نیگەرانییەوە تیایدا جێنشین دەبێت)) (هایدیگەر، ۲۰۱۳، ۱۸۸) لێرەدا دەپرسین پرسیارەکانی شاعیر کە لێرە/لەوێ دا وەستاوە، نیگەرانی نیشاننادەن؟ ئایا لێرە ڕاوەستانەکەی، جێنشینبوون نییە؟ جێنشینبوون، دامەزرانی دازاینە لە شوێن دا بە نیگەرانییەوە، کە پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆژییە. نیگەرانی و وەستان لە شوێن دا پەیوەندیی مرۆڤ(دازاین) نیشان دەدات لەگەڵ دەوروبەری. بۆیە دازاین کە ((بوون-لەنێو-جیهان دەبێت بە پێکهاتە بنەڕەتییەکەی، لە هەموو حاڵەتێکدا "لەوێ"یە. وشەی "لەوێ" ئاماژە بۆ "ئێرە" و "ئەوێ" دەکات: "ئێرە"ی بوونی (من-لێرە) هەمیشە پەیوەندی بە "لەوێ"ی بابەتی بەردەست دەردەخات، کە لەوێدا ڕووبەڕووی دەبینەوە. بوونێکە نزیکە، ڕێنماییکەرە و بۆی نیگەرانین)) (هایدیگەر، ۲۰۱۳، ۲۰٤). لێرەدا شایەنی گوتنە، ئەم مانا بوونگەراییە لای ئەحمەدی مەلا و هایدیگەر، دەبنە هاومانا و بەهەمان چەمک گوزارشت لەمە دەکەن: هایدیگەر لە چەندین شوێن چەمکی (لێرە) بەکاردەهێنێت و مەبەستە بوونخوازییەکەی پێ ڕووندەکاتەوە، ئینجا دەیکاتە بوونی (من-لێرە). دەبینین ئەحمەدی مەلاش بەهەمان شێوە پێ لەسەر بوون دادەگرێت و ڕاوەستانی لەئاست بوون دا دەبێتە سەرچاوەی پرسیارو دەرخستنی شوێن وەک پێشمەرج و ڕاستیی بوونی مرۆڤ:

***لەخۆم دەپرسم دەبێ ڕاستی چی بێ، هەڵهاتنی خۆر ڕاستییە، یا بوونی من لێرە***

***یان بوونی هەردووکمان؟***

لە ڕاستیدا ئەم پرسیارانە، وەک خستمانەڕوو، پرسیاری ئۆنتۆلۆژین.

لە کۆپلە شیعرییەکەدا، شوێنی شاعیر، بەهۆی (ڕاوەستان لە ئاست.../ لێرە ڕاوەستاوم/ لەبەرامبەر خۆر ڕاوەستاوم)، ڕوناکیی دەخرێتەسەر. مەبەستمان لە ڕووناکی، دەرکەوتن و زانینە. کاتێ پەنهانییەک تیشک(ڕووناکی)ی دەخرێتە سەر، دەردەکەوێت، دوای دەرکەوتن ئێمە لەبارەیەوە دەزانین ؛ زانینیش دەبێتە ئەزموون و دنەی گەڕان دەدات و کەڵکەڵەی زانینی دیکەمان لا دەورووژێنێت. (لەوێ وەستان)ی شاعیر، شوێن و ڕامانی شاعیر نیشان دەدات. دوای


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper11 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ئەمە شاعیر دەست بە گەڕان و پرسیارەکانی دەکات، ڕووناکی دەخاتە سەر بوونی و نیشانی ئێمەی خوێنەریش دەدات ؛ بەمانایەکی دی: لەوێ ڕاوەستانی شاعیر، وادەکات بوون لە تاریکی نەمێنێتەوە، بەڵکو دوای پرسیارو ڕوانینەکانی شاعیر، بوون دەکرێتەوە و روناکایی دەخرێتەسەر. لەمبارەیەوە با لەم گوتانەی هایدیگەر بڕوانین: (( "لەوێ" سەر بە ڕووبەڕووبوونەوەیە لەنێو جیهاندا. (ئێرە) و (ئەوێ) لەوێدا هەن، واتە لەو حاڵەتەدا هەن ئەگەر هەبوویەک هەبێت بوونی خۆی لەنێو شوێندا و لەوێ دا دەربخات. ئەمە دووری ئەم هەبووەیەو (لەوێدا) بوونی ئاشکرادەکات. لەم ئاشکراکردنەدا دازاین لەگەڵ بوون–لەوێدای جیهان، بۆ خۆی لەوێدایە...ڕووناکبوون ئەو واتایە دەبەخشێت کە دازاین وەکو بوون لەنێوجیهان دا لە ڕێگەی بوونی خۆیەوە، نەک بوونێکی دیکەوە، کراوەیەو، خۆی دەبێت بە کردنەوەکە. هەبووەکان بۆ ئەو بوونگەرایانە دەکرێنەوەو بابەتە دەرەکییەکانیش دەکەونە بەر ڕووناکییەکە)) (هایدیگەر، ٢٠١٣، ٢٠٤-٢٠٥) مەبەستی هایدیگەر لەم گوتانە ئەوەیە، کە کاتێ دازاین لەوێ دا دەوەستێت، ئەوا لە شوێن دا وەستاوە ؛ (ئەوێ) ئاماژەیە بۆ شوێن ؛ کاتێ دازاینیش لەوێدا دەوەستێت، بوون بۆ ئەو دەکرێتەوە ؛ (کرانەوە) ئاماژەیە بۆ پەیداکردنی زانین لەسەر بابەتێک و ڕووناککردنەوەو تیشکخستنەسەری. بەمجۆرە لەوێ راوەستانی شاعیر، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی پرسیارو پرسیاریش پەردە لەسەر نادیارەکان(نەزانراو) لادەدات. (پەردە لەسەرلادان) بوونگەرایانە (دەرکەوتن)ی شتەکانە ؛ بۆیە دوای ئەمە شاعیر پرۆسە شیعرییەکەی بەرجەستە دەکات.

## پرسیار وەک هەڵوەشاندنەوە و دەرخستنی کراوەیی بوون

هەڵوەشاندنەوە(deconstruction) بە مانای هەڵوەشاندنەوەی شتێکی یەکگرتوو، سیستەمێکی چەقگرتوو، بوونێکی جێگیر، یان لێککردنەوە و روخاندنی شێوازێکی باوی ڕوانین سەبارەت بە شتەکانە. (دێریدا، ٢٠١٣، ٢٠). هەڵوەشاندنەوە بەگەڕخستنی شێوازێکی نوێی بیرکردنەوەیە، بە پێچەوانەی گوتاری باڵادەست و جێگرتوو. ئەم پرۆسەیە بەپلەی یەکەم، پرسیار نوێنەرایەتیی دەکات، وەک هێزێک بۆ ڕووبەڕوبونەوەی سیستەمە باوە جێگرتووەکان. هەڵوەشاندنەوە بۆتە میتۆدێک و بیرمەندی فەڕەنسی (جاک دێریدا) بەکاری هێنا بۆ هەڵوەشاندنەوەی فیکری میتافیزیکی ئەورووپی (زیما، ٢٠٠٤، ٩). بەڵام کارەکانی دێریدا، بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەریی فیکری هایدیگەریان لەسەرە ؛ هەروەک دێریدا خۆی ئاماژە بەوە دەدات و دەڵێ: (( قەرزاریم بۆ هایدیگەر ئەوەندە گەورەیە، بەشێوەیەک زەحمەتە لێرەدا بتوانین بژمێرین و بە زاراوەی هەڵسەنگێنەر و چەندایەتی بیپێوین)) (زیما،٢٠٠٤،٧٦). هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە فۆرمە گشتییەکەی دا، هەموو کارو سەرنج و نووسینێک دەگرێتەوە، کە هەڵگری پرسیار، ڕووبەڕووبوونەوە، خستنەژێر پرسیار، گومان و درز تێخستنی سیستەمە مانابیەکان بێ. هایدیگەر لە بوون و کات و زۆرێک لە نووسراوەکانی دیکەیدا، سیستەمێکی هەڵوەشاندنەوەگەرییانە بەکاردێنێت. بۆ نموونە لە بوون و کات دا، بەر لەوەی سیستەمە ئۆنتۆلۆژییەکەی بۆ بوون و بوونی مرۆڤ دابمەزرێنێت، سیستەمە میتافیزیکییەکانی پێش


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper11 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

خۆی، بە شەن و کەوکردن و پرسیار هەڵدەوەشێنێتەوە، ئینجا بابەتەکەی خۆی دادەمەزرێنێت. هەروەک ئەمە بە روونی لە ناونیشانی یەکێک لە بەشەکانی (بوون و کات) دەبینین، کە ئەم ناونیشانەی بۆ داناوە: (ئەرکی روخاندنی مێژووی ئۆنتۆلۆژی) ؛ لەوێدا رووبەڕووی بۆچوونەکانی (ئەفلاتون، ئەرستۆ،فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست، هیگڵ، دیکارت) دەبێتەوە، کە سەبارەت بە بوون هەیانبووە و پێیوایە سیستەمێکی میتافیزیکیان جێگیرکردووەو بوونیان گەڕاندۆتەوە بۆ هەبوو و میتافیزیک (هایدیگەر، ٢٠١٣، بروانە کورتە بەشی:٦: ٦٢). بەمشێوەیە فیکری هایدیگەر دەبێتە بنەمای میتۆدە هەڵوەشاندنەوەگەرییەکەی دێریدا.

پرسیارەکانی ئەحمەدی مەلا لە (گەڕانەوەی زەردەشت)، هێزێکن بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی جێگرتوو/دەقگرتوو. ئەمەش لەپێناو کرانەوەو ئاوەڵاکردنی بوون بەڕووی ماناو وێنەی فرە ڕەهەند. بوون کە خۆی هەڵگری جیاوازی، فرەرەهەندی و رەنگاوڕەنگییە، بۆیە شاعیر دەیەوێ لە سایەیەوە، نەریتی چەقبەستوو بخاتە بەر نەشتەری لەقکردن و هەڵوەشاندنەوە. لە خەیاڵات و سۆزی مرۆڤ دا، ئاسان دەکرێ وەهمیش ببێتە حەقیقەت ؛ دەتوانین بڵێین بەشێک لە مێژووی مرۆڤ بەدرێژایی بوونی خۆی، بریتی بووە لە دەسگرتن بە وەهمێکەوە و بینینی وەک حەقیقەت و، بەمەش بوون ون بووە. بۆیە شاعیر ئەم جۆرە تێڕوانینە تاکڕەهەندییە دەخاتە بەردەم پرسیار و پرسیاریش لەم سۆنگەیەوە، جۆرێکە لە راچەنین و لەقاندنی بونیادەکان:

***ئاهورا، من پشت لەوانە دەکەم کە کۆیلەی راستین***

***دەپەرستن بۆ ئەوەی ئاسمانەکان بە وەهم رەنگاورەنگ بکەن***

***تاکو نیوەی شەو لەگەڵ ئەوانە دەوێم کە تەنها هەر یەک راستی دەبینن***

***نازانم ئەوانەی یەک راستی دەبینن، ئەوەی دەبینن راستییە یا نەزانییە؟!*** (١٤).

پرسیاری شاعیر (راستیی ڕەها) دەخاتە بەردەم هەڵوەشاندنەوە، ئەویش بەوەی گومانی ئەوەی لێدەکات کە(نەزانیی)بێ: (نازانم ئەوانەی یەک راستی دەبینن، ئەوەی دەبینن راستییە یا نەزانییە؟! ئەمە پرسیارێکە گومان لە ڕاستیی تاکڕەهەند دەکات. گومان بنەچەی پرسیارو تۆوی هەڵوەشاندنەوەی تاکحەقیقەتییە، کە دەکرێ لە بنەڕەت دا وەهم بێ. چونکە گەر لە رەگەزی مرۆیی بڕوانین، دەبینین لەناو گروپە مرۆییەکان، هەزاران ئاین و مەزهەب و گروپ و ئایدۆلۆژیا هەن، هەمووشیان باوەڕەکەیان وەک دوا راستی دەناسێنن و هەمووشیان بەڵگە و سەلماندنی خۆیان هەیە و نیشانیدەدەن. بەمجۆرە، دەسگرتن بە یەک راستی و، بینینی وەک ڕاستیی هەمیشەیی و دوا ڕاستی، سەیرکردنی بوونە لە یەک دەلاقەوە و، خۆدیلکردنە لەناو یەک چوارچێوەو بازنەدا ؛ ونکردن و نەناسینی بوونە. ئەمەش جگە لە خۆدووبارەکردنەوەیەکی ئامێری و خوگرتوو هیچی تر نییە. بۆیە شاعیر پرسیار دەکاتە هێزێک دژ بەم بەئامێربوونەی مرۆڤ و دەیخاتە بەردەم بوونی ساختەو چەندپاتەبووەوەی خۆی:



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper11 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

***غوباری ڕاهاتن هەموومانی کردبووە پەیکەرگەلێک لە نمەک***

***وەکو ئامێرە ئۆتۆماتیکییەکان هەڵدەستاین و دادەنیشتینەوە***

***دادەنیشتین و هەڵدەستاینەوە***

***ئینسانی ئامێر بۆ کوێ دەڕوی؟ ...***

***ئینسانی ئامێر بۆ کوێ دەڕوی بە کۆمەڵێ قورساییەوە؟ بۆ کوێ دەڕوی؟***

***چاوەکانت هەموو ڕۆژێ هەمان دیمەن دەبینێ***

***هەمان باغچەی غوبارلێنیشتوو***

***هەمان ڕێگای خۆڵاوی***

***هەمان تەلاری مردوو. (١٠٩)***

بەمشێوەیە خۆدیلکردن لەناو بازنەدا، چاوەکانی مرۆڤ دادەخات لەئاست بینینی دونیای دەرەوەی بازنەکە. ئەمەش سەرچاوەیەکی سەرەکیی ونکردنی بوون و زۆرێک لەو نەهامەتییانەیە کە بەدرێژایی مێژوو بەسەر مرۆڤدا هاتوون. شاعیر دژ بەم دۆخە، مرۆڤی تاکڕەهەند دەخاتە بەردەم پرسیار . ئەمەش بۆ گەڕاندنەوەیەتی بۆ ناو بەرینایی ژیان و حەقیقەتی جۆراو جۆر ؛ لەپێناو بەختەوەربوون و مرۆڤدۆستی و لێبوردەیی.  ئاخر لەژێر سێبەری (بینینی یەک ڕاستی) دا مرۆڤ هێندەی نالاندوویەتی، هێندە دڵشاد و بەختەوەر نەبووە، هێندەی بوونی تاریک کردووە، ڕووناکی نەکردۆتەوە. شاعیر، بە پرسیار ئەم حەقیقەتە جێگرتووانە لەق دەکات. دوای پرسیارەکان کە بوونە وەگەڕخەری بیرکردنەوە و ڕاوەستان لە ئاست بوون دا، شیعر لای شاعیر دەبێتە دامەزراندنی گوتارێکی خاکدۆست و ئێرەدۆست، نەک ئەوێپەرست:

***ئەبجەدییەتی نوێم دابەست***

***قیبلەکانم تێکشکاندو "ئێرە"م***

***بوژاندەوە (٧٨)***

ئەبجەدییەتی نوێ، دامەزراندنی گوتارێکی دیکەیە، کە دوای پرسیارو رامانەکانی شاعیر بەرهەمهاتووە، چونکە ((پرسیار سەرەتای تازەگەرییە)) (عەلی، ٢٠١١، ٣١) یان بە دەربڕینێکی تر سەرەتای ئەزموونێکی نوێ و جیاوازە. ئەم گوتارە، "ئێرە" دەکاتە مەنزڵ و دەیبوژێنێتەوە؛ قیبلەکان تێکدەشکێنێت: (قیبلەکانم تێکشکاند). تێکشکاندنی قیبلە،



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper11 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

هەڵوەشاندنەوەی بڕوایەکە، کە تەنها یەک حەقیقەت دەبینێت. (تێکشکاندنی قیبلە)لای ئەحمەدی مەلا هەمان پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەگەرییە لای دێریدا و (روخاندن)ە لای هایدیگەر. قیبلە، رووکردنە لە یەک شوێن، باوەڕبوونە بە یەک حەقیقەت، چاوبەستنە لەپێناو یەک ئاراستە، وەک ئەوەی یەزدان تەنها لەو ئاراستەیە بێ، ئایا ئەمە بچوکبوونەوەی حەقیقەتەکە نییەو دانانی نییە لەناو یەک ئاراستە؟ گەر تەنها روو لە یەک جێ بکەین، ئایا ئەوکات خۆمان و جیگەکانی دی ون ناکەین؟ بینینی یەک جێ، نەبینیی جێیەکانی ترە، دەستگرتن بەتاکە یەک حەقیقەت، لەبیرکردنی حەقیقەتەکانی دیکەی بوونەو باوەشکردنە بە میتافیزیک. ئەم رووکردنەش لەپێناو ئێرە نییە، بەڵکو لەپێناو دونیایەکی ترە، بۆیە شاعیر (ئێرە) دەکاتە پەرچدەرەوەی ئەو گوتارە و کاتێ قیبلەکان تێکدەشکێنێت، (بوون=ئێرە) دەبووژێنێتەوە: ("ئێرە"م بوژاندەوە). دواجار بوونیش فراوان دەکات.

ئەم گوتارە شیعرییە، بە لای ئێمەوە دامەزراندنی گوتارێکی ئۆنتۆلۆژییە و، لەسەر پەیوەندیی خاک و مرۆڤ کاردەکات ؛ دەیەوێ خاک و مرۆڤ بەیەکەوە ببەستێتەوەو ببنە دۆست. ئەم خاکە دەبێتە راستی(حەقیقەت) بۆ شاعیر ؛ شاعیر دەیەوێ لە بوون (لەم خاکە/ لە رووناکی) نیشتەجێ بێت ؛ (دەستتێکەڵکردن بەم خاکە) پەیوەندیی شاعیر و بوون نیشان دەدات ؛ ئەو نایەوێ بە پەڕجووش ئامادە(بوون) بۆ ئامادە(نەبوون) لەبیر بکات. نیشتەجێبوون لە رووناکی، نیشتەجێبوونە لە زانین، زانین و رووناکی دەستەخوشکن، نەزانین و تاریکیش هەروا. رووناکی ئاماژەیە بۆ حەقیقەتی بوون، هەروەک چۆن دەبینین لە دێرەکانی دواتر دا شاعیر رووناکییەکە شەبەنگدارتر دەکات و دەیبەستێتەوە بە بوون و راستی:

***من دەمەوێ لە لەناو ڕووناکی نیشتەجێ بم***

***ئەو رووناکییە***

***لەنێو ئاو و هەتاو و گڵ و با دایە***

***ئەو رووناکییەی***

***راستییە (٢٥).***

لێرەدا شاعیر (رووناکی) و (راستی)ی بەیەکەوە بەستوونەتەوە ؛ رووناکی هەر دەکاتە راستی، راستیش بە بۆچوونی ئێمە لەم کۆپلەیەدا مەبەستی لێی (بوون) ە، یان پەردەلادانە لەسەر بوون و دەرخستنی بوون، چونکە رووناکییەکەی لەنێوان (ئاو و هەتاو و گڵ و با) داناوە و ئەم چوار رەگەزانەش رەگەزەکانی بوونن و، لای فەیلەسوفانی سەرەتا کە (پێشسوکراتییەکان و فەیلەسوفانی سروشت)یشیان پێدەڵێن، دەبنە مادەی سەرەتایی، کە بوونیان لێپێکدێت. ئەم فەیلەسوفانە گرنگی زۆریان بە بوون دەدا و پێیانوابوو بوون لە رەگەزێک لە رەگەزەکانی (ئاو، هەوا، ئاگر، خۆڵ)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper11 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

درووستبووە یان لە هەرچواریان. (سیوەیلی،٢٠١٢، ٢١). بەمجۆرە پرۆسەی پرسیار و هەڵوەشاندنەوە لای شاعیر دەگات بە رووناکی.

شاعیر لەم دەقەدا بەشێوەیەکی فراوان کاری لەسەر ئەم رەگەزانە کردووە. بەبۆچوونی ئێمە، گەڕانەوەی شاعیر بۆ ئەم رەگەزانە گەڕانەوەیەکی بوونخوازانەیە ؛ گەڕانەوەیەکە بۆ پێداگری لەسەر بوون و، دامەزراندنی گوتارێکی ئۆنتۆلۆژییە، بە پێچەوانەی گوتاری میتافیزیکییانەی ئاین و تەکنەلۆژیاو هیچگەرایی، کە بوون بە زیادە و بێ مانا دادەنێن لەپێناو دونیایەکی دیکەی نائامادە.

## ئەنجام

دوای شیکاری دیوانی(گەڕانەوەی زەردەشت)ی "ئەحمەدی مەلا"، گەیشتین بەم ئەنجامەی خوارەوە:

١_ پرۆسەی شیعری لای ئەحمەدی مەلا، دامەزراندنی گوتارێکی شیعریی ئۆنتۆلۆژییە لەپێناو جیهان و بوونی مرۆڤ.

٢ـ شاعیر گەڕاوەتەوە بۆ بوون وەک بنەڕەت و دوای ڕاوەستانی لەئاست بووندا، بە پرسیارو ڕامان پرۆسەکەی دەستپێدەکات و، پرسیار لەم روانگەیەوە تایبەتمەندییەکی ئۆنتۆلۆژیکی وەرگرتووە.

٣_ لای شاعیر پرسیار رۆڵێکی گرنگ دەبینێت، چونکە ئەوە پرسیارەکانن لە دیوانەکەدا دنەی گەڕان و بەردەوامبوونی پرۆسەی شیعر دێنەکایەوە، پرسیارەکان ڕێگاکان دەکەنەوە بەرەو بوون.

٤_پرسیار لە روانگەی ئەحمەدی مەلا و بەوشێوەی کە لە دەقەکەدا بەرجەستە بووە، لە دوو رەهەندەوە تایبەتمەندییەکی ئۆنتۆلۆژی وەرگرتووە. یەکەمیان ئەوەی کە دەبێتە هۆگاری گەڕان بە دوای ئەوەی کە تا ئێستا نەزانراوە و پشتگوێ خراوە ؛ دووەمیش ئەوەی کە لە ڕێگەی پرسیارەوە کاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو تێگەیشتن و مانا چەسپا و وەستاوانە دەکات، کە بوون و تێگەیشتن لە بوون یان، لێڵکردووە و، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ناساندێکی یەک رەهەندییان لە بوون خستووەتەڕوو.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper11 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

# Question as an Ontological Principle in Ahmadi Mala's" Return of Zardasht

**Hazhar Ahmed Abdulghafur**
Kurdish Department, Faculty of Arts, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Hazhar.abdulghafur@soran.edu.iq

**Mohamed Nabee Ibrahim**
Shahid Abdulrahman Highschool, Directorate of Soran Education, Soran, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Mhamad.nabe88@gmail.com

## Abstract:

Existence as the basis of all that exists (in general) is an important element of philosophy and poetry. Throughout histroy, less or more, attantion has been paid to existence mater in all its dimentions by philosophers and poets and thinkers. In Kurdish literature, the reflection and reaction of this subject is clearly noticeable in the poetry products. Thus, this research, entitled "Question as an ontology principle in Ahmadi Mala's" Return of Zardasht" is focused on, the closeness of poetry and philosophy and the probablity of expressing the philosophy in two pieces of poetry and literature; works on the existence, and tries to analys and interpret the context of poetry of (Return of Zardasht) of 'Ahmadi Mala'. This is to bring antological questions foth as preconditional characteristic. The question whereby as motivation of searching for the existence, and then rising it, introduces human as delicated creature and provides the path to reach exsitence and its very facts.

**Keywords:** Existence, Question, Ontology, Heidegger.

## سەرچاوەکان:

ئەفلاتوون(٢٠٠٩). *کۆمار*، و: د. محەمەد کەمال، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

ئەخمانۆڤ. س. و گرابەر پاسیک و پیترۆڤسکی(٢٠٠١). *سەرەتایەک لە فەلسەفەی یۆنانی کۆن*، و: جەلال تەقی، چاپی دووەم، چاپەمەنیی زاموا.

دێریدا، جاک (٢٠١٣). *نووسین و جیاوازی*، و: ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر.

دیکارت، ڕینێ(٢٠١٦). *سێ تێکستی فەلسەفە*، و: حەمید عەزیز، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی فێربوون.

ڕەفیق، فاروق(٢٠١٠). *هونەری فەلسەفە*، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

زیما، پیر ڤی (٢٠٠٤). *هەڵوەشاندنەوەگەرایی*، و: ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، چاپی یەکەم، هەولێر،دەزگای ڕێبین بۆ چاپ و پەخشی کتێب.

ستراتێرن، پۆل(٢٠٠٩) ، *کیرکەگۆر، نیچە، سارتەر*، و: ئازاد بەرزنجی، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپەمەنیی گەنج.

سیوەیلی، ڕێبوار(٢٠٠٩). *سۆفیستەکانی یۆنان*، چاپی سێیەم، پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەدین و دەزگای موکریانی، هەولێر، چاپخانەی هاوسەر.

سیوەیلی، ڕێبوار(٢٠١٢). *فەلسەفەی پێش سوکراتییەکان لە تالیسەوە تا دیمۆکریتۆس*، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر،چاپخانەی ڕۆژهەلات.

عەبدوڵا، عەبدولموتەڵیب (٢٠١٢). *پرسی جەستە لە یارییەکی بوونگەرایی دا*، چاپی یەکەم، سلێمانی، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

عەلی، بەختیار(٢٠١١). *لە دیارەوە بۆ نادیار، دەربارەی میتود-بونیاد-زمان*، چاپی یەکەم، سلێمانی، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

کامل، مەجدی(٢٠١٩). *بوونگەرایی" وجودییەت"*، و: ئیسماعیل کوردە، چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

کەمال، محەمەد(٢٠٠٧)(ا). *ئۆنتۆلۆجیی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ*، دەزگای سپیرێز، دهۆک، چاپی یەکەم.

کەمال، محەممەد(٢٠٠٧)(ب). *هایدیگەرو شۆڕشێکی فەلسەفی*، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

کەمال، محەمەد (٢٠١٤). *فەلسەفەی بوون*، سلێمانی،چاپکراوی ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە.

کەمال، محەمەد (٢٠١٩). *ئەفلاتونیزمی نوێ*، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

ماکواری، جۆن(٢٠٠٧). *فەلسەفەی بوونگەرایی*، و: ئازاد بەرزنجی، سلێمانی،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

مەلا، ئەحمەدی(٢٠١٦). *گەڕانەوەی زەردەشت*، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی ئەندێشە.

میللەر، هێنری(٢٠٠٠). *رامبۆو زەمەنی پیاوکوژان*، و: غفور صالح عبدالله، چاپی دووەم، سلێمانی،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

نیچە، فریدریش(٢٠١٥). *وەهای گوت زەردەشت*، و: عەلی نانەوازادە، چاپی دووەم، هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی ماڵی وەفایی.

هایدیگەر(٢٠١٣). *بوون و کات*، و: د.محەمەد کەمال، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

martin Heidegger، the question concerning Technology، in basic writings، trsanslated by David Farrell Krell، HarperCollins publishers، new York، 1993.



**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper11 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021**